# مێژووی ئاڵا و بەیداخ

**ناوی کتێب:** مێژووی ئاڵا و بەیداخ

**نووسەران:** هانس ڕایشهارت و هاری د. شۆردێل

**وەرگێڕانی بۆ فارسی:** بێهرووز بەیزایی

**وەرگێڕانی بۆ کوردی:** سووسەن محەممەد میرخان

**بەراوردکردن و پێداچوونەوەی:** قەرەنی قادری

**دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** عەزیز عەبدولخالق

**چاپخانەی ڕۆژهەڵات**

**مێژووی ئاڵا و بەیداخ**

**پێشەکیی نووسەران**

هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا، بەیداخ و ئاڵاکان لەگەڵ مێژوو، بەتایبەت لەگەڵ مێژووی جەنگەکانی مرۆڤایەتیدا پەیوەندییەکی نەپچڕاویان هەبووە و، لە هەر ڕووداوێکی مێژوویی گەورە کە لە ڕابردوودا ڕووی داوە، بەیداخ و ئاڵاکان بەردەوام بەرچاو بوونە. کاتێك کە سێزار سنووری گرمانیای بەزاند، لیژیۆنی ئەو، "ویکسیلیۆم"ی لە پێشەوەی خۆی بەرز کردبووەوە، کە شێوەی سەرەتاییی ئاڵاکانی ئەمڕۆ بوو.

شەڕکەرە خاچییەکان بە دوای بەیداخێکدا کە لە لایەن "پاپا"وە پیرۆز کرابوو، چوونە ناو وڵاتی پیرۆزەوە (قودس). ئەو کاتەی کە ناپلیۆن لە جەنگ لەگەڵ ڕووسیا، پرۆس، بریتانیا، سوید و نەمسا (یەکێتیی نوێ یان یەکێتیی نەتەوەکان)دا بوو، لە "لایپزیگ"دا بەتەواوەتی تێک شکا. یەکێك لە گەورەترین دڵەڕاوکێکانی ئەوە بوو، کە چۆن بەیداخەکەی خۆی بپارێزێت و بەسەلامەتی بۆ پاریسی بگەڕێنێتەوە.

لە سەردەمی ئاشتییشدا، ڕووداوە گرنگەکان بەبێ بوونی بەیداخ و ئاڵاکان ڕوویان نەدەدا. ئاڵاکان لە پێشەوەی سوڵتان و شاکان بوون و لە کاتی ڕێوڕەسمی ناشتن و شاردنەوەی دەسەڵاتداران و سەردارە مەزنەکان، تەرمیان بە ئاڵاکان دادەپۆشران. کاتێک کە لە شوێنێکی گۆی زەوی، وڵات یان دوورگەیەکی نوێ دەدۆزرایەوە، داگیرکەران وەکوو یەکەمین و گرینگترین هێما بۆ داگیرکردن و خاوەندارێتی، ئاڵای وڵاتی خۆیان لەو شوێنەدا بەرز دەکردەوە. لە سەردەمی ئێستایشدا، کاتێ کە کۆمەڵە خەڵکێکی تووڕە و ناڕازی دەیانەوێت بێزاریی خۆیان بەرامبەر وڵات، حزب یان ڕێکخراوێك پیشان بدەن، بەیداخ و ئاڵاکانیان دەسووتێنن.

ئەم کتێبە لە کۆمەڵێك "بۆچی" و "چۆن"ی مێژووی بەیداخ و ئاڵاکان دەکۆڵێتەوە. بە ڕێگەی ئەم کتێبەوە

خوێنەری گەنج تێ دەگات، کە چۆن ئاڵا نەتەوەییەکان، لە ڕووی شکڵ و ڕەنگەوە، کارتێکەریی مێژووی وڵاتەکانیان لەسەر بووە. لە لایەکی ترەوە، ئەوان چۆن کارتێکەرییان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان بووە، یان بە واتایەکی تر، مێژوویان دروست کردووە.

**پێشەکیی وەرگێڕ**

گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە، کە نووسەران چوونەتە ناو ناخی مێژووەوە و هەوڵیان داوە، کە بە بەڵگەوە وڵامی هەندێک پرسیار سەبارەت بە سەرهەڵدانی بەیداخ و ئاڵاکان بدۆزنەوە. گرنگییەکی تری کتێبەکە باسی پێکهاتەی ئاڵا، ڕەنگ و قەبارەیان دەکات، هەروەها ئاڵا و بەیداخیان لە ڕەوتی مێژوودا داوەتە بەر باس، کە چۆن پێک هاتوون و بە هۆی ڕووداوە سیاسی و مێژووییەکانەوە ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە.

ئاڵاکان هەر لە سەرەتادا فۆرم و پێکهاتەی چەقبەستوویان نەبووە، بەڵکوو خێرا دۆخی سیاسی و جوگرافی کاریان تێدا کردووە و فۆرمێکی تریان بەخۆوە گرتووە.

ئەم کتێبە زانیاریی باش سەبارەت بە ئاڵا و ئاڵاناسی دەداتە خوێنەر. کتێبی "مێژووی ئاڵا و بەیداخ" دەتوانێت بۆ قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان گەلێک بەسوود بێت، تەنانەت بۆ ئەوانەیش کە بە دوای زانیاریی گشتییشدا دەگەڕێن. لەبەر گرنگیی کتێبەکە کە پەیوەندیی بە ئاڵای وڵاتانەوە هەیە، بڕیارم دا "پێناسەی ئاڵای نەتەوەییی کوردستان"یش بخەمە ناو کتێبەکەوە.

**سووسەن محەمەد میرخان**

**پێرست**


**پێشەکیی نووسەران** ........ 8

**پێشەکیی وەرگێڕ** ........ 9

چۆن بەیداخ و ئاڵاکان هاتوونەتە دی؟ ........ 11

بۆچی بەیداخیان بەکار دەهێنا؟ ........ 11

پێشەنگیی ئاڵا و بەیداخەکان چی بوو؟ ........ 12

وێکسیلیۆم چییە؟ ........ 14

بەیداخ وەکوو ئاڵای سەربازی، چۆن گەیشتە ئەورووپا؟ ........ 15

جیاوازیی نێوان بەیداخ و ئاڵا لە چیدایە؟ ........ 17

چ جۆرە ئاڵا، بوونیان هەیە؟ ........ 19

کەی و چۆن ئاڵاکان هەڵدەدرێن؟ ........ 21

گرنگترین ئاڵای پەیوەندیکردن لە کەشتییەکاندا ............ 21

ئەڵمانیا: پێنج ئاڵا لە سەد ساڵدا ................................................. 22

ئاڵای ئەڵمانیا لە چ ڕەنگێك پێك هاتووە؟ ............................................ 23

یەکەمین جار چ کاتێك ڕەنگەکانی ڕەش، سوور و زێڕین لە ئاڵای ئەڵمانیادا لەدایک بوون؟ .... 24

یەکەمین ئاڵای نەتەوەییی ئەڵمانیا چی بوو؟ ........................................ 26

کەی ئەڵمانیا دوو ئاڵای نەتەوەییی هەبوو؟ ............................................. 28

بریتانیای گەورە: لە سێ ئاڵا یەکێك دروست بکە ............................ 31

کام ئاڵا لەگەڵ ئاڵای نەتەوەییی بریتانیادا یەکیان گرتەوە؟ .................... 31

خاچی ئەندریاس چ ڕووداوێکمان بەبیر دێنێتەوە؟ ........................................ 32

خاچی پاتریك چۆن چووە ناو ئاڵای نەتەوەییی بریتانیاوە؟ .......................... 34

دانمارك: خاچێك لە ئاسمانەوە کەوتە خوار ................................... 36

ئاڵای دانمارك «دانبرووگ» لەسەر بنەمای چ ئەفسانەیەکەوە هاتۆتە کایەوە؟ ..... 36

ناوی «دانبرووگ» لە کوێوە هاتووە؟ ............................................................ 37

بۆچی سێ تاجی ئاڵای دانبرووگ هەڵگیران؟ ........................................ 38

فەڕەنسا: ڕێگایەکی درێژ بۆ «تریکۆلۆرێ» .................................. 40

بۆچی ئاڵای فەرەنسا بە «تریکۆلۆرێ» ناودێر کراوە؟ ............................. 41

یەکەمین ئاڵای نەتەوەییی فەرەنسا چۆن بووە؟ ............................................ 40

سویسرا: جووتیاران لە بەرامبەر شەڕکەراندا ....................................... 44

بەیداخی شویتسەکان بە چ شێوەیەك بوو؟ ................................................... 44

بۆچی سەربازە بەکرێگیراوە سویسرییەکان لە هەموو جێگەیەکدا لایەنگریان هەبوو؟ ........ 46

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: بۆ هەر ویلایەتێك، ئەستێرەیەك ............ 48

جەنگی سەربەخۆیی لە کوێوە دەستی پێ کرد؟ ........................................ 48
بۆچی شۆڕشگێڕەکان ئاڵای کۆمپانیایەکی بازرگانییان بۆ خۆیان هەڵبژارد؟ ............ 49
ئاڵای ئەستێرەدار چۆن پێک هات؟ .................................................................. 51
بۆچی بریتانییەکان یەکێك لە دوورگە هۆڵەندییەکانیکارائیبیان داگیر کرد؟ ............... 52
کەنەدا: سەد ساڵ پێکدادان لەسەر ئاڵا ................................................................ 54
بۆچی لە کەنەدا لەسەر ئاڵا پێکدادان ڕووی دا؟ ................................................ 54
بۆچی ژمارەیەکی زۆر لە کەنەدییەکان ئاڵایەکی نوێیان دەویست؟ ........................ 55
ڕەنگەکانی ئاڵای کەنەدا چ مانایەکیان هەیە؟ ..................................................... 56
مەکزیك: خواوەندێك ڕێگەیەکی پیشان دا ........................................................ 58
چۆن ئازتەکەکان شوێنی پایەختی خۆیان دۆزییەوە؟ ............................................ 58
بۆچی کاکتۆس و هەڵۆ قەدەغە کران؟ ............................................................... 59
بۆچی ماکسیمیلیانی نەمساوی، بوو بە ئیمپراتۆری مەکزیك؟ .................................. 59
تورکیا: خەونێك هەڕەشەی لە ئەورووپا دەکرد ..................................................... 63
کەوانەی مانگی ئاڵای تورکیا چ مانایەکی هەیە؟ ................................................. 63
پێناسەی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان .................................................................. 65
ڕەنگەکان ........................................................................................................ 65
دروشمی نەتەوەیی: ............................................................................................ 66
چۆنیەتیی پێکهاتەی ڕەنگەکان: ........................................................................... 67
**وڵاتە سەربەخۆکانی جیهان** ................................................................. 68
ئاسیا ................................................................................................................ 69

ئەفریقـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا
..................................................................................................................
........... 73

ئەمریکـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا
..................................................................................................................
........... 77

ئەوروپـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــا
..................................................................................................................
......... 80

هێما و ئاڵاکانی کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ و ویلایەتەکانی ......................................... 84

ئوسـتراليا و زەرياكـان (ئوقيانووسـيە) ........................................................................................
85